HALABJA CENTRE
Against Anfalization
and
Genocide of the Kurd
C.H.A.K
www.chak.info

ناوەندی هەڵەبجە
دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی
گەلی کورد چاك
Chak_kurdistan@yahoo.com

# راگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەی فراوانی ناوەندی هەڵەبجە لە کوردستان

## CHAK- KURDISTAN کەرکوك ٢٠/١/٢٠٠٦

دوای زنجیرەیەك کۆبونەوەو دیدار لەگەڵ نوێنەرایەتی شارو شارۆچکەو تەوەرەکانی کارو چالاکی ناوەندی هەڵەبجە لە کوردستاندا، لەبەر رۆشنایی چەندان روداو و پێشهاتی گرنگی وابەستە بە پرسە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستان کە لەسەسەر ئاستی نێوخۆیی و ؛ نێونەتەوەیی کاریگەری لەسەر دۆسیەی جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان هەبووە، بە تایبەتیش لە کاتێکا کەوا دادگایی کردنی دیکتاتۆری گۆڕبەگۆڕ و یاوەرەکانی گەیشتۆتە ئاستی هەڵدانەوەی لاپەڕەی تاوانەکانی، هەڵەبجە، ئەنفالەکان و جینۆسایدی کورد، لەو لاشەوە سەرکەوتنی چاك لە بە دادگایی گەیاندنی گەورە بازرگانی چەکی کیمیایی فرانس ڤان ئەنرات و سزادانی ١٥ ساڵ زیندانی کردن و بە فەرمی ناسینی جینۆسایدی کوردان لە دادگاکانی هۆلەنداو، لە کوردستانیش هەواڵی یەکخستنەوەی حکومەتی( هەرێمی کوردستانی ! ) لەتکراوو ، ئەمجار سەردانی شاندی چاك بۆ پەرلەمانی کوردستان و کۆبونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی و لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان کە هەوڵەکانی چاکیان بەرز نرخاندو بەڵێنی ئەوە درا بە فەرمی لەگەڵ چاك و فدراسیۆنی ( فدك ) هەڵسوکەوت بکرێ، ئا لە ئاکامی هەموو ئەو پێشهاتانەداو ، دوای زنجیرەیەك کۆبونەوەو دیدار لەگەڵ نوێنەرایەتی شارو شارۆچکەو تەوەرەکانی کارو چالاکی ناوەندی هەڵەبجە لە کوردستان، سەرلەبەیانی رۆژی هەینی کاتژمێر ١١ تاوەکو ٤ی دوای نیوەڕۆی رێکەوتی ٢٠ /١ /٢٠٠٦

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

به ئامادەبونی بەڕێز عەلی مەحمود وەك نوێنەری چاك لە دەرەوەی ولاٚت و نوێنەرانی شارەکانی کەرکوك ، سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە و تەوەرەکانی گەرمیانی کەلارو گەرمیانی چەمچەماڵ ، بالیسان ، مەخمورو.. تاد.. جگە لەوەی هوندێ لە شارۆچکەو تەوەر لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنییەوە راوسەرنجیان لەمەڕ بابەتی کۆبونەوەکان وەردەگیرا،ئەمەو بۆ ماوەی نزیکەی ٥ کاتژمێر بەشداربوانی کۆبونەوەکە بە پێی بەرنامەیەکی نەخشە بۆ کێشراو دەربارەی ژمارەیەك بابەت و تەوەر بە تێروتەسەلی گتوگۆیان کردو بڕیاری گونجاویان لەبارەیانەوە دا.

دوای خستنە رووی کارو چالاٚکییەکانی کوردستان و دەرەوەی ولاٚت پەیوەند بە پرسی ئەنفال ، کیمیاباران، جینۆسایدو مافەکانی مرۆڤ، هەروا چالاکییەکانی ناوەند لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و نێوەندی رەسمی و میللی لە ولاٚتانی جیاجیا دا، بەشداربوان گشت چالاکییەکانی چاکیان لە دەرەوەو ناوەوە بەرز هەڵسەگاندو هیوای ئەوەیان خواست کەوا کوردستان وخێزان و کەسوکاری قوربانییەکانی گەلەکەمان بکرێنە گۆرەپانی کارو چالاکی و ئامانجی داهاتوی چاك، هەر لەو پێناوەدا فراوانو کاراکردنی فدراسیۆنی داکۆکی لە گەلی کوردستان ( فدك ) و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی تۆڕی فراوانی ڕێکخراوو کۆمەڵە ناحکومییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان و ناوچەکەدا تا لە داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکانی خەڵکی کوردستان و،ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکان و هەروا پێکهێنانی گوشار لە ڕێگای چالاکی کارو چالاکی مەدەنی و واقعبینانەی سەردەم بە هۆی ڕێکخستنی داواکارینامە، کۆبونەوەو خۆپیشاندانی فەرمی هێمنانەو میدیاو.. تاد .. ، بۆ راگرتنی ناهەقیکردن لە بەرانبەر خێزان و کەسوکاری قوربانیان و چینە فەرامۆشکراوەکانی گەلەکەمان و مافە سادەکانی تاکی کوردستان لە نێو خاك و نیشتمانی خۆیدا، هەروا لە کۆبونەوەکە جەغد لەسەر بەشداریکردنی چالاکانە لە بەرنامەی بەشی مافی مرۆڤ لە یۆنامی تایبەت بە خێزان و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەسوکاری قوربانیانو گۆڕە بە کۆمەڵەکان کرایەوە، کە وا چاوەڕوان دەکرێ لە چوار چیوەی ( سەنتەری نیشتمانی ونبوو بێسەروشوێنکراوانی عێراق ) بەڕێوەبچێ ، هەر بە هەمان شێوە داواکرا ئەو پەیوەندي و دۆستایەتیانەی کە لق و نوێنەرانی چاك لە ولاَتانی جیاجیا کە لەگەڵ رێکخراوو، نێوەندو ئاژانسەکانی مافی مرۆڤ پێکیان هێناوە ، زیاتر پێشبخرێن و بە قازانجی ئامانجەکانی چاك و پرۆسێسی بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان بێ.

پاشان لە تەوەرێکی دیکەی کۆبونەوە فراوانەکەدا،ژمارەیەك دۆسیەی گرنگ کە جێگای بایەخپێدانی گەلەکەمان و پرسە چارەنوسسازەکانێتی بە کەسانی تایبەتمەندو شارەزا سپێردران بۆ ئەوەی سەرپەرشتی و بەدواداچونیان لەسەر بکرێ، دۆسیەکانیش ئەوانەن: دۆسیەی کارەساتی هەلەبجە، دۆسیەیکارەساتی ئەنفالەکان، دۆسیەی دادگایی تاوانباران و کۆمپانباکان،دۆسیەی تەعریب و راگواستن،دۆسیەی کەسوکاری قوربانیان و قەرەبوکردنەوەیان،دۆسیەی مافەکانی مرۆڤ و تاد.. هەموو ئەو دۆسیانە باسیان لێوەکراو بەرنامەی کاریان بۆ دارێژرا،

لە تەوەرێکی دیکەشدا، نوێنەرایەتی چاك بۆ شارو شارۆچکەو تەوەرەکانی کارو چالاکی ناوەند دەستنیشانکران کە بەو شێوەیە بوو:

*+ نوێنەرایەتی شاری کەرکوك لەتیف فاتح فەرەج*

*+ نوێنەرایەتی شاری سلێمانی : عومەر محەمەد*

*+ نوێنەرایەتی شاری هەولێر: سەدرەدین خۆشناو*

*+ نوێنەرایەتی گەرمبانی کەلار:تەها سلێمان*

*+ نوێنەرایەتی گەرمیانی چەمچەماڵ: نەوزاد شێخانی*

*+ نوێنەرایەتی هەڵەبجە : بەهائەدین هەڵەبجەیی*

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژمارەیەك ناوی دیكەش پێشنیاركرانن بۆشارو شارۆچكەو دەقەرەكانی دیكە، كە لە كۆبونەوەكانی داهاتوو، دەخرێنە بە باس و پەسەند كردن.

ئەمجارلە تەوەرێكی دیكەی كۆبونەوەكەدا، ناوی ئەنجومەنی نوێنەرانی چاك لەسەرئاستی كوردستان دیاریكرا، كە نوێنەرایەتی شارو شارۆچكەو تەوەرەكان دەكەن دوتریش ( ٧ ) ئەندام دەستنیشانكرا، بۆ ئەوەی وەك ئەنجومەنی رێبەرایەتی كاروباری گشتی چاك لە كوردستان هەڵسورێنی، كە لەو بەرێزانەی خوارەوە پێكهاتوە:

*( شێخ سەدیق، رزگارعومەر، لەتیف فاتح فەرەج، عومەرمحەمەد، تەها سلێمان، بەهائەدین هەڵەبجەیی، سەلاح مەزن )*

،پاشان سەرپەرشتیاری گشتی كوردستانی چاك و سەرپەرشتیاری بەشەكان بەو شێوەیەی خوارەوە دابەشكرا:

*+ سەلاّح مەزن — سەرپەرشتیاری گشتیچاك لە كوردستان*

*+ عومەرمحەمەد — سەرپەرشتیاری لێژنەی پەیوەندییەكانی چاك لە كوردستان*

*+ تەها سلێمان — سەرپەرشتیاری لێژنەی راگەیاندنی چاك لە كوردستان*

*+ رزگارعومەر — سەرپەرشتیاری لێژنەی دارايي چاك*

لە كۆتایشدا لێژنەیەك بۆ دارشتن و پەختكردنی راگەیاندنی كۆتایی كۆبونەوەكەو بریارو راسپاردەكان پێكهێنرا ، ئەمەو كۆبونەوەكە لە كەشوهەوایەكی پڕلە جۆشوخرۆشەوە ، كارەكانی خۆی بە سەركەوتویی ئەنجام دا.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد/ كوردستان**

**CHAK- KURDISTAN**

**٢٠٠٦ / ١ / ٢٠**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

Filename: کۆبونەوەی چاک-کوردستان
Directory: C:\Documents and Settings\Miqdad\Desktop
Template: C:\Documents and Settings\Miqdad\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dot
Title:
Subject:
Author: salah
Keywords:
Comments:
Creation Date: ٢٠٠٦/٠١/٠٥ ٦:٤٦ ص
Change Number: 34
Last Saved On: ٢٠٠٦/٠١/٢٣ ٥:١٦ ص
Last Saved By: Miqdad
Total Editing Time: 289 Minutes
Last Printed On: ٢٠٠٦/٠١/٢٣ ٥:١٧ ص
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 4
Number of Words: 938 (approx.)
Number of Characters: 5,351 (approx.)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com